گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەوشی سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەبەر ڕۆشنایی تیۆری دادپەروەری جۆن ڕاوڵزدا

## توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

**ئەسکەندەر غەریب سلێمان**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان,عێراق
Eskender.suiayman@su.edu.krd

**پ.ی.د. ئەسرین زرار قادر**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
asrin.qader@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/١١/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢٥/١/٢٢
بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*of law, Sovereignty Justice, Equality, freedom, Human rights.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.2.3

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەبەر ڕۆشنایی تیۆری دادپەروەری جۆن ڕاوڵز)دا، بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ کۆمەڵگاکان کە بتوانن خێراتر هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێن، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە پرۆسەی پێشکەوتن و پێوەرێکی نێودەوڵەتییە بۆ پێشاندانی ئاستی پێشکەوتنی هەر وڵاتێک لە بوارە جیاوازەکاندا. سەروەریی یاسا گۆڕانکارییەکی گەورە دروستدەکات لە بەدیهێنانی یەکسانی و مسۆگەرکردنی مافەکان و دەستەبەرکردنی دادپەروەری. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهاتووە، هەروەها پشتی بە تیۆری دادپەروەری فەیلەسوفی یاسایی و سیاسی ئەمریکی جۆن ڕاوڵز (John Rawls:1921-2002) بەستووە کە یەکێکە لە فەیلەسوفە ناودارەکانی سەدەی بیستەم. ڕاوڵز لە تێڕوانینەکانیدا کۆمەڵگایەکی تەواو دادپەروەرانە گریمانە دەکات، جەخت لەوەدەکاتەوە کە سەروەریی یاسا پێویستی بە بێلایەنی و یەکدەنگی هەمەلایەنە هەیە لە جێبەجێکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاساکاندا. ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: شیکردنەوەی ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ناوبراو، هەروەها زانینی گرنگی پابەندبوون بە یاساکان و ڕوونکردنەوەی بنەما سەرەکییەکانی سەروەریی یاسا. لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا لە دۆخێکی باشدا نییە، هەروەها بنەما سەرەکییەکانی سەروەریی یاسا وەک پێویست دەستەبەرنەکراون هەروەکو لە تیوری دادپەروەریی جۆن ڕاوڵزدا جەختیان لێکراوە کە بریتین لە: بنەماکانی یەکسانی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، لە لایەکیتر لە هەرێمی کوردستاندا بەشێک لە یاساکان گشتگیرنین و توانای دەستەبەرکردنی گشت مافەکانی هاووڵاتیانیان نییە، بۆیە بەردەوام هەمواردەکرێن، یان دەگۆڕدرێن، هەروەها پابەندبوون بە یاسا بەشێوەیەکی یەکسان لە لایەن هەمووانەوە جێبەجێ ناکرێت.

## پێشەکی

سەروەریی یاسا پرسێکی هەستیارە و جێگای سەرنج و بایەخپێدانێکی ئەکادیمییە، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕێکخستنی بوارەکانی ژیان؛ کە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی کۆمەڵگا و بەڕێوەبردنێکی باش بنەمایەکی سەرەکییە، هەروەها ڕێگا خۆشکەرە بۆئەوەی ژینگەیەکی گونجاو لە پێکەوەژیان و دادپەروەری فەراهەم بکرێت. سەروەریی یاسا هۆکارێکی گرنگە بۆ زیادکردنی کارایی تاک و دامەزراوەکان و ئاڕاستەکردنی وزە و سەرچاوەکانی کۆمەڵگا، هەروەها دەستەبەری پاراستنی ماف و ئازادی تاکەکانە و ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت لە چارەسەرکردنی نادادپەروەری. سەروەریی یاسا دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت لە دابەشکردنی داهات و سامان و گەیشتن بە پێگەکانی دەسەڵات.

ئەم توێژینەوەیە وێڕای پوختە و پێشەکی، بەشی یەکەمی بەخستنەڕووی ڕەگەزەکان و چەمکەکانی توێژینەوەکە دەستپێدەکات کە لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم بریتییە لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1-گرنگی توێژینەوەکە، 2- ئامانجەکانی توێژینەوەکە، 3- کێشەی توێژینەوەکە، هەروەها باسی دووەم بریتییە لە: خستنەڕووی چەمکەکانی توێژینەوەکە کە بریتین لە: 1- سەروەریی یاسا. 2- دادپەروەری. بەشی دووەم تایبەتە بە سەروەریی یاسا کە لە دوو باس پێکدێت، لە باسی یەکەمدا: بنەماکانی سەروەریی یاسا خراونەتەڕوو کە بریتین لە أ- بنەمای یەکسانی، ب- بنەمای ئازادی، ج- بنەمای مافەکانی مرۆڤ. لە باسی دووەمدا: مەرجەکانی سەروەریی یاسا خراوەتەڕوو کە بریتین لە: أ- پابەندبوون بە یاسا، ب-گشتگیربوونی یاسا. بەشی سێیەمیش دوو تەوەر لە خۆ دەگرێت کە لە تەوەری یەکەمدا تیۆری دادپەروەریی جۆن ڕاولز سەبارەت بە سەروەریی یاسا خراوەتەڕوو، و تەوەری دووەم تایبەتە بە خستنەڕووی ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەدا. لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی.

# 1. ڕەگەزە سەرەکییەکان و چەمکەکانی توێژینەوەکە

## 1-1. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### 1-1-1. گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە خزمەتێکی ئەکادیمی دەبێت بۆ زیاتر گرنگیدان بە لقێکی کۆمەڵناسی گشتی کە بریتییە لە: کۆمەڵناسی یاسایی و سیاسی. هەروەها هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی پرسی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، کە دەکرێت یارمەتیدەربێت بۆ تێگەیشتنێکی زانستییانەی قووڵتر لەم بابەتە، چونکە سەروەریی یاسا چەمکی گرنگی ناو بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی و یاساییەکانە کە تێگەیشتن لە گرنگی و کاریگەری زانستیان پێویستە. دەکرێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سوودیان هەبێت لە خستنەڕووی گرنگی سەروەریی یاسا و پڕکردنەوەی کەلێنێکی زانستی گەورە، هەروەها ڕێنیشاندەر بێت بۆ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری و پلاندانەرانی سیاسەتی بەڕێوەبردن؛ بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری زانستی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و کۆسپانەی لەکۆمەڵگادا دروستدەبن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-1-2. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەن:

1. خستنەڕووی ڕوانگەی تیۆری دادپەروەری جۆن ڕاوڵز سەبارەت بە سەروەریی یاسا.
2. زانینی بنەما سەرەکییەکانی سەروەریی یاسا.
3. خستنەڕووی گرنگی پابەندبوون بە یاسا.
4. هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان- عێڕاق لەبەررۆشنایی تیۆری دادپەروەریدا.

### 1-1-3. کێشەی توێژینەوەکە:

سەروەریی یاسا لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت و جێگای ڕەخنەی پسپۆڕ و شارەزایانی بواری یاساییە. ئەم بابەتە هەستیارە پێویستی بە گرنگیپێدان و توێژینەوەی زیاترە، توخمێکی چارەنووسسازە سەبارەت بە دادپەروەری لە کۆمەڵگایەکی نادادپەروەردا، چونکە سەروەریی یاسا دڵنیایی دەدات لەوەی کە یاساکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە جێبەجێدەکرێن، بەڵام ئەگەر یاساکان گشتگیر نەبن و یەکسانی و ئازادی بۆ هاووڵاتیان لە چوارچێوەی یاساکاندا وەکو خۆیان جێبەجێ نەکرێن، ئەو دڵنیاییە دروست نابێت کە سیاسەتی پابەندبوون بە یاسا لە لایەن هاووڵاتیانەوە بەدیبهێنرێت. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان-عێڕاقدا لە چوارچێوەی تیۆری دادپەروەریدا، لە چ بارودۆخ و ڕەوشێک دایە؟ هەروەها پرسیارە لاوەکییەکان بەمشێوەیەی خوارەوەن:

1- بنەماکانی سەروەریی یاسا چین؟
2- پابەندبوون بە یاسا چ گرنگییەکی هەیە؟
3- تیۆری دادپەروەری جۆن ڕاوڵز چۆن دەڕوانێتە سەروەریی یاسا؟

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4-1-1. میتودی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک (Content Analysis Method) بەکارهاتووە کە یەکێکە لەو میتۆدانەی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقی نووسراو بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی کە گرنگ و پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، پشت بەم میتۆدە بەستراوە، لەپێناو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بەگەڕانەوە بۆ ئەو دیدگا تایبەتەی کە لە تیۆری دادپەروەری ڕاوڵزدا هاتووە سەبارەت بە سەروەریی یاسا.

## 2-1. چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 1-2-1. سەروەریی یاسا (Sovereignty of law)

چەمکی سەروەریی یاسا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە هاتە ئاراوە کە لە هەوڵەکانیان لە یاسادانان و دامەزراندنی سەروەریی یاسادا ڕەنگیدایەوە و لەو سەردەمەدا وایکرد پێکهاتەی کەمینەکان داوای یاسای جیاواز بۆ گروپەکانیان بکەن، بەمەش یاسای کەسی وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە جیاوازی ئایینی دروستبوو (Mormita Das, 2017, 92 ). بەگوێرەی پێناسەی ئەلبێرت ڤان دیسی (Albert Venn Dicey:1835-1922) یاساناس و تیۆریستی بەریتانی، سەروەریی یاسا بە واتای باڵادەستی ڕەهای یاسا بەرامبەر بە سەروەری دەسەڵاتی ئارەزوومەندانەیە کە ڕێگریدەکات لە جیاوکی تایبەت و تەنانەت دەسەڵاتی بەکارهێنانی ئارەزوومەندانەی بەرفراوان لە لایەن حکومەتەوە، چونکە هەموو تاکێک لە هەر پێگە و دەسەڵاتێک و مەرجێکەوە بێت، ملکەچی یاسای وڵاتە و بەرپرسیارە لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکانی وڵاتدا (لو، 2016 : 56). جۆن ڕاوڵز بەمشێوەیە پێناسەی سەروەریی یاسا دەکات کە بریتییە لە: دادپەروەری فەرمی و جێبەجێکردنی ڕێکوپێک و بێلایەنانەی ڕێسا و پەیڕەوی گشتی لە سیستەمی یاساییدا (رالز، 1999: 256). سەروەریی یاسا بریتییە لەو ڕێزگرتنەی کە کۆمەڵگایەک لە یاساکانی دەگرێت، ڕێز لەو ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییە دەنێت کە لە نێوان خۆیاندا بەستوویانە، ئەمەش مانای ئەوەیە بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزن، چونکە بە پێشێلکردنی یاسا یان وەلاوەنان و کشانەوەی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵدا، ئەو رێککەوتن کۆمەڵایەتیەکەش هەڵدەوەشێتەوە و هەرکەسێک بۆ خۆی دەژێت (کمال، 1997: 15). لە ساڵی (2004) کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر پێناسەیەکی رێکاری رێککەوتوون بەوەی سەروەریی یاسا یەکێکە لە بنەماکانی فەرمانڕەوایی کە هەموو کەس و دامەزراوە و قەوارە گشتی و تایبەتەکان بە خودی دەوڵەتیشەوە بە بەرپرسیار دادەنرێن لەبەردەم ئەو یاسایانەی کە بە ئاشکرا دەردەچن و لەسەر بنەمای یەکسانی جێبەجێدەکرێن، لەگەڵ بنەما و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا یەکدەگرنەوە (مكاي، 2015: 12). سەروەریی یاسا پەیوەستە بە پاراستنی پەیوەندی و هاوپشتی تاک لەگەڵ کۆمەڵگادا کە بەزۆری لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردندا ئەنجامدەدرێت لە گرووپە نافەرمییەکانی وەک: خێزان یان لە کۆمەڵگا نەتەوەیی و ئایینییەکاندا بە پەسەندکردنی پێوەرەکان، هاوتاکردن و یەکخستنی ویژدانی تاک لەگەڵ ویژدانی کۆ؛ هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کاتێک ناتەبایی و ناهاوسەنگی ویژدانی تاک لەگەڵ ویژدانی گشتیدا روویدا کێشەی ئەنۆمی و شکاندنی پێوەر لە کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە (عبدی، 2010 : 79). بەواتەیەکیتر، سەروەریی یاسا لە بنەڕەتدا بەو مانایەیە کە هاووڵاتیان و فەرمانڕەواکان دەبێت ملکەچی یاسابن لە پەیوەندی نێوان بەرپرسانی حکومەت و لقەکانی تری دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری لە ئاستە جیاوازەکاندا، هەروەها لە رێکخستنی پەیوەندی کاراکتەرە تایبەتەکانی کۆمەڵگا و هاووڵاتیان و دامەزراوەکاندا (ابراهیمی لویه، 2012: 7).

سەروەریی یاسا یەکێکە لە بنەما بە نرخ و گرنگەکانی حوکمڕانی خوازراو. لەبەررۆشنایی سەروەریی یاسادایە کە مافی هاووڵاتیبوون مسۆگەردەکرێت و هەموو کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان رێکدەخرێن (خسروی، 2019 : 115). لەبەر رۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە بۆ پێناسەی تیۆری دەتوانین بڵێین سەروەریی یاسا بریتییە لەو رێزگرتنەی کە هەموو هاووڵاتیان لە پێگە جیاوازەکاندا بۆ یاسا دایدەنێن، بەمەبەستی پاراستنی مافەکانیان و بەردەوامیدان بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و دادپەروەرانە، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کە هەرجۆرە لادانێک و سەرپێچییەک لە یاسا بە ناڕەوا دادەنرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-2-1. دادپەروەری (Justice)

بە بڕوای فەیلەسوفی یۆنانی ئەرەستۆ (Aristotle:322-384) دادپەروەری بەو مانایەیە کە باوترین پێشکەشکردنی دادپەروەری لێیەوە دەردەچێت و بریتییە لە: (دووورکەوتنەوە Pleonexia:) کە بە مانای دوورکەتنەوە لە تاقیکردنەوەی زۆرخوازی، واتە دووورکەوتنەوە لە بەدەستهێنانی قازانج بۆ خۆی بە دزینی شتێک کە هی کەسێکیترە، یان لە ڕێگای ڕەتکردنەوەی پێدانی مافی کەسێک وەک جێبەجێکردنی بەڵێنی گەڕاندنەوەی قەرزەکەی (رالز، 1999: 50). لە لایەکیتر، کۆمەڵناس ئەبو نەسر فارابی (Abu Nasr Farabi:870-950) بەم شێوەیە پێناسەی دادپەروەری دەکات کە مەبەست لە مانا گشتیەکەی بریتییە لە: وەرگرتنی فەزیلەت و جێبەجێکردنی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانیتردا. ئەو دادپەروەری بەسەر دوو بەشدا دابەشدەکات، بەشی یەکەم: دادپەروەری دابەشکردنە لەسەر بنەمای مافی تاکەکان، بەشی دووەمیش: دادپەروەرییە لە پاراستنیدا (واعظي، 2017: 45).

ویلیام فرانکینا(William Frankena:1908-1994) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین فەیلەسوفە ئاکارییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، لە لێکۆڵینەوە لە چەمکی دادپەروەریدا باس لە مانای دادپەروەری دەکات، ئەو پێیوایە نابێت دادپەروەری پێناسەبکرێت، چونکە مەرج نییە هەموو شتێک کە ڕاستە بە دادپەروەرانە تایبەتمەندبکرێت. بۆیە ناتوانرێت بانگەشەی ئەوەبکرێت کە بە دڵنیاییەوە تەواوی ڕێوشوێن، بڕیار و یاساکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا دادپەروەرن (واعظي، 2017: 36). جۆن ڕاوڵز جیاوازیکردووە لە نێوان چەمکی دادپەروەری و تێڕوانین بۆ دادپەروەری، ئەو پێیوایە: چەمکی دادپەروەری بە واتای دامەزراندنی هاوسەنگییەکی دروستە لە نێوان داواکارییە کێبڕکێکارەکاندا کە بەشێکە لە بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتی، بەڵام تێڕوانین بۆ دادپەروەری کۆمەڵێک بنەمای بەیەکەوەگرێدراون بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕەچاوکردنانەی کە لە دیاریکردنیدا بەشدارن(رالز، 1999: 50). دادپەروەری فۆرمێکە، بۆئەوەی مرۆڤەکان بە یەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدابکرێت (ابراهیمی لویە، 2012: 23). دادپەروەریی بریتییە لە: بڕیاردان بە پێی یاسا و بارودۆخەکان و هاوتایە لەگەڵ وشەی ویژدان. دادپەروەری بە هۆی ڕۆحی یاساوەیە، واتە بڕیارێکە گونجاوە بۆ کار و جێبەجێکردن. کەواتە تەرازوویەکی دوو لایەنەیە، وەک دروشمی دادگاکان لە لایەک پراکتیک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، لە لایەکیتر بڕیار، یان لە لایەک کار هەیە، لە لایەکیتر پاداشت، ئەگەر یەکێکیان بەسەر ئەویتردا زاڵبێت، نادادپەروەرانەیە، ئەگەر یەکسان بن ئەوە دادپەروەرانەیە (ناصر، 2003 : 233).

دادپەروەری چەمکێکی سیاسییە لە تێڕوانینێک بۆ کۆمەڵگا وەک سیستەمێکی هاوکاری دادپەروەرانە بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی کەسانی ئازاد و یەکسان (ملا عباسی، 1394: 183). ئەم چەمکە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەو ڕێکخستنەیە کە بۆ ئارامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستە، کەواتە دادپەروەری توخمێکی جۆڵاوە بەرەو ئەوەی بزانێت هەر تاکێک شایەنی چییە و چۆن بەدەستبهێنێت؟(زریق، 2016 : 42). لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە بۆ پێناسەی تیۆری دەتوانین بڵێین دادپەروەری بریتییە لە: کۆمەڵێک بنەمای گشتگیر کە دەبنە هۆکاری ئەوەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ تاکەکاندا بکرێت، بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی ئاکار و یاسا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مافی هەموو تاکەکان لە کۆمەڵگادا لە چوارچێوەیەکی یەکسان و ئازاددا دەستەبەرکراوە.

## 2.نەما و مەرجەکانی سەروەریی یاسا

### 1-2. بنەماکانی سەروەریی یاسا

بنەما سەرەکییەکانی سەروەریی یاسا بریتین لە: ئازادی، یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ، بە بۆچوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەمانوێل کانت(Immanuel Kant:1724-1840) وەسفکردنی بەهای ئازادی و پەیوەندییەکەی بە سەروەریی یاساوە، وەک بنەمای سەروەریی یاسا وروژێنراوە، لە لایەکیتر ئەو باسانەی کە پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان دادپەروەری سروشتی و سەروەریی یاسا و تیۆری ڕاست سەنتەری لە لای فەیلەسۆفی ئەمریکی ڕۆنالد دورکین(Ronald Dworkin:1931-2013) گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە لە لێکۆڵینەوە لە پۆلی مافەکانی مرۆڤ وەکو بنەمایەکیتری سەروەریی یاسا، هەروەها بیرۆکەی یەکسانی یەکێکیترە لە بنەما گرنگەکانی سەروەریی یاسا(مالمیری، 1385 : 81). بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین بنەما سەرەکییەکانی سەروەریی یاسا بخەینەڕوو کە گرنگییەکی تایبەتیان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێنانەدی دادپەروەریدا هەیە، هەروەکو چۆن لە تیۆری دادپەروەری (جۆن ڕاوڵز)دا جەخت لەسەر ئەم بنەمایانە کراونەتەوە لە پێناو هەبوونی سەروەریی یاسا کە ئەمانەی خوارەوەن:

### 1-1-2. بنەمای یەکسانی

سەروەریی یاسا پێویستی بە دابینکردن و پاراستنی یەکسانی مافی تاک و گروپەکان هەیە. پێویستە بەپێی یاسا، سزاکان بە یەکسانی جێبەجێبکرێن. ئەم سەروەرییە لە سەرووی دەسەڵاتی حکومەتەکانەوەیە، هاووڵاتییانیش لە ڕەفتاری نەگونجاو دەپارێزێت و دەستەبەری هەڵسوکەوتکردنێکی یەکسان لەگەڵ هەموو هاووڵاتییان و ملکەچکردنیان بۆ یاسا دەکات لە بری ملکەچیان بۆ هەوەسی کەسانی بەهێز و خاوەن هەژموون (شەریف، 2019 : 40). بۆیە سەروەریی یاسا پێویستی بە بەرپرسیارێتی هەموو کەسێک هەیە بەرامبەر بە یاسا(مکاي، 2015 : 12). کاتێک حکومەت بە نیازە دەستتێوەردان لە ئازادی، موڵک وماڵی هاووڵاتیاندا بکات، پێویستە بەپێی یاسا ئەنجامیبدات، بۆ ئەوەی دەستتێوەردانەکانی بە ڕەوا هەژماربکرێن؛ بۆ ئەمەش حکومەت دەبێت ڕێز لە بنەمای یەکسانی هەموو هاووڵاتیان بگرێت (گرجی، 1396 : 156). لەلایەکیتر دەتوانرێت بگۆترێت کە بنەمای یەکسانی بریتییە لەو بڕگانەی پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤ لە یاسای نێودەوڵەتیدا تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە مافەکانی هاووڵاتیانەوە هەیە(ابراهیمی لویە، 2012 : 31).

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە مافی یەکسانبوون لەبەرامبەر یاسا و پارێزگاریکردنی یەکسان لە لایەن یاساوە، بۆ هەموو کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بابەتێکی بنچینەییە. هەموو هاووڵاتیان شایستەی مافی یەکسانن لە بەرامبەر یاسادا و پێویستە بە یەك چاو و بە یەکسانی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەموو خەڵکدا بکرێت؛ هیچ کەس نابێت لەسەرووی یاساوە بێت و لەژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێت هیچ نایەکسانییەك بسەپێنرێت.

یەکسانی لەبەردەم یاسادا بەهایەکی گرنگی بنەمای سەروەریی یاسایە، ئەگەر بەرپرسانی حکومەت و دادوەرەکان یاسا بە دادپەروەرانە جێبەجێبکەن، چیتر ناتوانن جیاکاری لەگەڵ کەسێک یان گروپێکی دیاریکراودا بکەن. سەروەریی یاسا لەسەر بنەمای چەمکی بنەڕەتی

دادپەروەری دامەزراوە، واتە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی یەکسان لە هەموو حاڵەتە هاوشێوەکاندا (ابراهیمی لویە، 2012: 23).

کۆمەڵناسی ئەمریکی جێیمس ساموئێل کۆڵمان-James Samuel Coleman:1926 (1995) چوار جۆر یەکسانی باسکردووە کە (یەکسانی دابەشکاری، یەکسانی یاسایی، یەکسانی دەرفەت و یەکسانی بەشداریکردن) لەخۆدەگرێت. **یەکسانی دابەشکاری**: ئاماژەیە بۆ یەکسانی لە بەهرەمەندبوون لە مافەکانی هاووڵاتیبوون و داواکاری هاووڵاتیان بۆ هەڵسوکەوتی یەکسان لە لایەن حکومەتەوە. **یەکسانی یاسایی**: واتە یەکسانی هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا. **یەکسانی دەرفەت**: شایستەیی و ڕاسپاردنی پۆستی کارگێڕی و سیاسییە لەسەر بنەمای لێهاتوویی. **یەکسانی بەشداریکردن**: توانای تاکەکانە کە ڕەنگدانەوەی داواکارییەکانی خەڵکە لە شێوەی بەشداریی سیاسی (مالمیری، 1385 : 105). پێویستە یەکسانی دادپەروەرانە لە دەرفەتەکاندا بۆ هەمووان هەبێت، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خوازراو؛ نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەجۆرێک ڕێکبخرێت کە پۆستە بەسوودەکان کراوەبن بۆ هەمووان (Lessnoff, 1986 : 138-139).

بەپێی پێکهاتەی سەرەکی سیستەمی بیرکردنەوەی کانت، یەکسانی بۆ هەموو مرۆڤێک پێویستە، کە وەک دۆخی لێکچوون لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لەبەردەم یاسادا پێناسەدەکرێت؛ بەبێ گوێدانە لەدایکبوون، چینی کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕی ئایینی، سامان، موڵک، ڕەگەز، بیرکردنەوە، پیشە و پەروەردە. بۆیە یەکسانی بەو مانایە نییە کە مرۆڤەکان لە توانا، لێهاتوویی و تواناکاندا یەکسانن، چونکە مرۆڤەکان لە بەدەستهێنان و پێشکەشکردندا جیاوازن (ناصر، 2003 : 232). کەواتە دەتوانرێت بگۆترێت کە یەکسانیخوازبوون واتە یەکسانیخوازی لەو بوارانەی کە بەڕاستی گرنگن (ملا عباسی، 1394: 103). هەموو هاووڵاتییەک مافی یەکسانی هەلی خوێندن، کارکردن، نیشتەجێبوون و چوونە ناو دامودەزگا گشتییەکانیان هەیە، مافی خۆیانە بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن و بیروڕای خۆیان دەرببڕن و بەدوای مافەکانیتردا بگەڕێن. هەر کەسێک کە تەمەنی لە (18)ساڵ زیاتر بێت مافی دەنگدانی هەیە، هەروەها هەر کەسێک تەمەن، توانا و لێوەشاوەیی گونجاو بێت مافی بەدەستهێنانی پۆستی حکومی هەیە و پێویستە هەڵسوکەوتێکی یەکسان و یاسایی لەگەڵدا ئەنجامبدرێت (پێکەوە گرێدانی حکومەت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاووڵاتی، 2006 :23). کەواتە پێویستە هەموو مرۆڤەکان ماف و ئەرکی وەک یەکیان هەبێت؛ جیاکاری نادادپەروەرانە لەسەر بنەمای پلە و پایە، پێگە، ئایین، پەیوەندی سیاسی، ڕەگەز، تەمەن و ساڵ بە هیچ شێوەیەک ڕێگەپێدراو نییە. بە بڕوای فەیلەسوفی سیاسی فەرەنسی مۆنتیسکیۆ(Montesquieu:1689-1755) یاسا دەبێت وەک مردن بێت کە کەس نەتوانێت لێی دەربازبێت (لو، 2016 : 90). پێویستە مافی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ لە ڕووی یەکسانییەوە لەسەر بنەمای یاسا بێت (Marshall and Bottomore, 1992 : 8).

لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت کە پێویستە بنەمای یەکسانی بۆ هەمووان دەستەبەر بکرێت، یەکسانی لە بەهرەمەندبوون لە مافەکانی هاووڵاتیبوون، یان هەڵسوکەوتی یەکسانی هاووڵاتیان لە لایەن حکومەتەوە، هەروەها کەمکردنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگادا و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان لەسەر بنەمای لێهاتووییدا دەبنە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتیان هەست بە جیاوزی نەکەن، تەنانەت لە ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان لە دامودەزگاکانی حکومەت و دابەشکردنی پلە، پوست و پێگەکاندا پێویستە ڕەچاوی یەکسانی بکرێت، چونکە بە پێچەوانەوە پێگەی یەکسانی هاووڵاتیان دەچێتە ژێر پرسیارەوە و دەبێتە هۆکاری پەرەسەندنی نارەزایەتی لای هاووڵاتیان.

### 2-1-2. بنەمای ئازادی

بە بۆچوونی ڕاولز ئازادییە بنەڕەتییەکان بریتین لە: ئازادیی سیاسی، مافی دەنگدان و مافی وەرگرتنی پۆستی گشتی، لەگەڵ ئازادیی قسەکردن، گردبوونەوە، ئازادیی ویژدان و بیرکردنەوە، ئازادیی کەسی. پێویستە هەمووان بە یەکسانی لەم ئازادییانەدا بەهرەمەندبن (Lessnoff, 1986 : 138,139). ژیانی مرۆڤ و ئازادی وەک بەهایەکی گرنگی ئاشتەوایی و گونجانە بۆ ژیان، بۆیە لە بنەمادا ئازادی یەکێکە لە پرسە بنەڕەتییەکانی سەروەریی یاسا و پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان یاسا و ئازادیدا، بۆیە پێویستە یاساکان بە جۆرێک بن کە هەم ئازادی بۆ هاووڵاتیان دابینبکەن و هەم ڕێگریبکەن لەو ئازادییەی کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئازادی ئەوانیتر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر پێویست بێت فەلسەفە پارێزگاری تەنها لە یەک چەمک بکات، ئەو چەمکە ئازادییە، فەیلەسوفی ئەڵمانی فرێدریک هیگڵ-Georg Wilhelm Friedrich Hegel:1770 (1831) مێژووی جیهانی وەک مێژووی سەرهەڵدانی ئازادی دەخوێندەوە، ئەم چەمکە تەواو قوربانی دەوڵەمەندی خۆی بووە. بیرۆکەی ئەوەی مرۆڤێک ئەگەر ئازاد بێت لای هەندێک لە فەیلەسووفە کۆن و نوێیەکان پێویستە فەرمانبەرداری عەقلی بێت، بەم جۆرەش ئازادی لەوەدا خۆی بینییەوە کە پێناسەکەی بریتی بێت لە: سەربەخۆبوون. ئەم زاراوەیە دەچێتە بواری ئاکارەوە زیاتر لەوەی بچێتە بواری سیاسەتەوە، مرۆڤێکی ئازاد ملکەچی ئەو یاسایەیە کە خۆی دایناوە؛ لێرەدا ڕەهەندێکیتری دەداتە عەقڵگەرایی کە ڕەهەندی یاساییە (بۆیلۆد : بەبێ ساڵ: 9). فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەمانوێل کانت(Immanuel Kant:1724-1840) بنەمای ئازادی یەکسان دادەنێت کە ڕەنگە تاک بە هەر شێوەیەک کە بە گونجاوی بزانێت بەدوای بەختەوەری خۆیدابگەڕێت، بە مەرجێک پێشێلی ئازادی ئەوانیتر نەکات لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتی کارادا(Lessnoff, 1986 : 92) . هەروەها فرێدریک لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕوونیدەکاتەوە کە سەروەریی یاسا خۆی ئازادی نییە، بەڵکو هەوڵی بەدیهێنانی ئازادی بە ئەگەرێکی زۆرەوە زیاددەکات(لو، 2016 : 50).

هەر تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە و نابێت لەم مافانەدا بێبەشبکرێت یان کۆتبەندبکرێت، مەگەر بەپێی یاسا، کە ئەمەش پێویستە لەسەر بڕیاری لایەنێکی دادوەری تایبەتمەند بێت (پێکەوە گرێدانی حکومەت و هاووڵاتی، 2006 :22). سەروەریی یاسا بەربەستێکە لە دژی هەر جۆرە جەختکردنەوەیەک لەسەر دەسەڵاتی ئارەزوومەندانە، ئازادی لە پێگەی هەر تاکێکدا وەک هاووڵاتی جێگیرە، سەروەریی یاسا لە دەوڵەتێکی دادپەروەردا ئازادییەکی یەکسان مسۆگەر دەکات(Allan, 2013: 93). ئازادی گونجاندنە لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە ڕێکخستن لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەرکی دەسەڵاتە کە بەردەوام ئاسایش مسۆگەربکات و بە مسۆگەرکردنی پیادەکردنی ئازادییەکان هاووڵاتی سوودمەند دەبێت (زریق، 2016 : 79). ئاسایش و ئازادی یاسایی، بەهایەکە کە سەروەریی یاسا لەسەری بنیاتنراوە. ئاسایشی یاسایی مەرجی پێشوەختەی متمانەکردنە بەیەکتر، ئەگەر حکومەت بەپێی یاسا پیادەی دەسەڵات بکات، هاووڵاتیان دەتوانن وریا بن لەوەی کەی و چۆن حکومەت دەسەڵاتەکەی

بەکاردەهێنێت و کاردانەوەی دەبێت بەرامبەر بەکردەوەکانیان کە بەوپێیە ڕەفتاربکەن (ابراهیمی لویە، 2012: 22).

ئازادی ئەو ئامانجەیە کە مرۆڤ بەدوای گەیشتن بە بەختەوەریدا بۆی دەگەڕێت و بەم کارەش بەرگەی ململانێیەکی ناوەکی نێوان مادده و ڕۆح دەگرێت، هەروەها بەرگەی ململانێیەکی دەرەکی لە نێوان خۆیدا وەک یەکەیەک و ئەو کۆمەڵە ڕەگەزی مرۆڤەی کە لە دەوروبەریدا دەژین(مقار و حافظ، 1954 : 19).

فەیلەسوفی یۆنانی(ئەرەستۆ/(Aristotle:322-384) و فەیلەسوفی رۆمانی سیسێرۆ (Marcus Tullius Cicero:43-106) جەخت لەسەر بەهای ئەندامێتی کۆمەڵگایەکی سیاسی دەکەنەوە کە کارەکتەر یان چاکەکانی هاووڵاتیان بەقەد یاساکان گرنگ بن لە بەردەوامبوونی کۆمەڵگایەکی شارستانیدا. ئەوان ڕۆڵی یاسا لە دارشتنی کەسایەتیدا بە شێوەیەک دەبینن کە لەگەڵ ئازادیدا بگونجێت. بۆیە لای ئەرەستۆ ئازادی بە پلەی یەکەم بەنرخە تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگە بە پیادەکردنی چاکە دەدات. لەسەر ئەم بنەمایە ئازادی لە ڕاستیدا پێویستی بە سەروەریی یاسا هەیە، چونکە سیفەتی مرۆڤ نە بەتەواوی باشە و نە بەتەواوی خراپە و لە کاتی لەدایکبووندا جێگیر نەبووە، بەبێ یاسا و پەروەردەی دروستی مرۆڤەکان ئەگەری تێکچوونیان هەیە(Honohan, 2002: 15) . کەواتە جارێکیتر دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو ئارگیومێنتانەی بۆ سنووردارکردنی ئازادی وروژێنراون، لەسەر بنەمای خودی ئازادی بنیاتنراون. لێرەدا ئاماژە بۆ چاکەی گشتی جگە لە ئازادییە بنەڕەتییە یەکسانەکان هیچیتر نییە، بارودۆخی ناخۆش و پلانی نادادپەروەرانەی هەندێکیان وا دەخوازێت کە ئازادییەکان کەمتربن لەوەی کە لە کۆمەڵگا ڕێکخراوەکاندا بەردەستە (رالز، 1999: 263).

هاووڵاتیان تا ئەو کاتەی کە هەست بە ئازادی بکەن، هەرگیز هەست بە نامۆبوون بە کۆمەڵگاکەیان ناکەن. هەستی نامۆیی، وا لە هاووڵاتی دەکات خۆی بە کەسێکی کۆتوبەندکراو بزانێت و لەبری خزمەت و هەوڵدان بیر لە یاخیبوون بکاتەوە و هیچ ئینتیمایەکی بۆ کۆمەڵگاکەی نەبێت، بۆیە ئەگەر لە ژیانی هاووڵاتیاندا ئازادیی فەراهەم بکرێت، بەرپرسیارێتی و خۆبەخاوەنزانین هەستێکی سەرەکی و کردارەکی دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-1-2. بنەمای مافەکانی مرۆڤ**

سەروەریی یاسا پەیوەندی بە ڕەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە حکومەت پێویستە هەندێک ئەرکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرێت بۆ سەروەریی یاسا و یاسادانان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان(ابراهیمی لویە، 2012: 8-9). سەروەریی یاسا وەک سیستەمێکی بەهێزی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ زۆر گرنگە، سەرەڕای ئەمەش لەگەڵ زۆرێک لە مافەکانی مرۆڤدا وەک: دادگاییکردنی دادپەروەرانە و ئازادی ڕادەربڕین دەگونجێت، بە دانپێدانان بەوەی کە سەروەریی یاسا تەنها لە ژینگەیەکدا دەتوانرێت بە تەواوی بەدەستبهێنرێت کە مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت (اللجنة الأوروبية للديمقراطية من خلال القانون، 2016: 41).

کاتێک مافەکانی مرۆڤ پەیوەستبن بە سەروەریی یاساوە، واتە پەیوەندی لە نێوان هاووڵاتی و یاسادا هەیە. مەبەست لە هەبوونی یاسا پاراستنی تاکەکانە لە دەستتێوەردانی ئارەزوومەندانە و زیادەڕۆیی لە ئازادی و مافەکانیان و دەستەبەرکردنی شکۆی مرۆڤایەتی. بۆیە سەروەریی یاسا گرنگی بە سنووردارکردنی پیادەکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان دەدات بۆ ئەوانەی کە دەسەڵاتی گشتییان بەدەستەوەیە، بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

توخمی چارەنووسساز ئەوەیە کە سەروەریی یاسا پێویستی بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ هەیە، بە تایبەتیش ڕێزگرتن لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان. دەکرێت سەروەریی یاسا بەبێ ڕێزگرتن لە مافەکانی ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە بەدەستبهێنرێت، بەڵام مافەکانی مرۆڤ لێرەدا بە توخمێکی جەوهەری دادەنرێن لەوانە: مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بۆیە دوو لایەنی کۆتایی سەروەریی یاسا، بریتین لە: دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ ( معهد راؤول ويلنبيرغ الحقوق الإنسان، 2012: 10).

مافەکانی مرۆڤ دەتوانرێت دابەشبکرێن بەسەر مافە جەوهەرییەکان و مافە ڕێکارییەکاندا. مافە جەوهەرییەکان ئەو مافانەن کە پێویستن بۆ ڕێزگرتن لە شکۆمەندی مرۆڤ و بەشێکن لە بوونی مرۆڤ وەک: مافی ژیان و مافی ئازادی ڕادەربڕین، بەڵام مافە ڕێکارییەکان ئەو مافانەن کە زیاتر لە سیستەمی یاساییدا جەختیان لێدەکرێتەوە (مالمیری، 1385 : 95). مافەکانی مرۆڤ ملکەچی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و حکومەتەکانە(علی، 1939 : 41).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاووڵاتی مافی ژیانی هەیە، هیچ هاووڵاتییەک ناتوانێت لە مافی ژیان بێبەش بکرێت تەنها لەسەر بنەمای بڕیاری دادگا کارامەکان نەبێت کە لەسەر بنەمای ستاندارده یاساییەکان دامەزرابن(اکبرزاده، 1393، 26). لە بنەڕەتدا فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ پێیدەوترێت مافەکانی هاووڵاتیبوون، وێڕای دەستەبەرکردنی مافەکانی هاووڵاتی لە ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی، مەدەنی، سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری، کارگێڕی، پەروەردەیی و دادوەریدا (خسروی، 1398 : 38).

هەر هاووڵاتییەک داوای مافەکانی دەکات و بەدوایدا دەگەڕێت بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی، جا بەرژەوەندییە ئابووریی، سیاسی یان کۆمەڵایەتییەکان بن، بەمەرجێک پێشێلی مافی ئەوانیتر نەکات کە ببێتە هۆکاری دروستبوونی حاڵەتی ئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیری. بۆیە گەیشتن بە مافەکانی مرۆڤ لە ئەرکە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایی و بنەمای دادپەروەری و سەروەریی یاسایە کە لەهەر شوێنێک مافەکانی مرۆڤ پێشێلبکرێن ئاماژەی پێشێلکردنی یاسایە. چەندی زیاتر بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ بدرێت، زیاتر هەنگاودەنرێت بەرەو سەروەریی یاسا؛ دەرئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بونیادنانەوە و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هاووڵاتیان کە لە یاساکاندا ڕەنگدەداتەوە و بنەمای ئاماژەکردن بە مافەکانی مرۆڤ تیایاندا دەبێتە بنەمایەک.

### 2-2. مەرجەکانی سەروەریی یاسا

سەروەریی یاسا پێویستی بە هەبوونی چەند مەرجێکی سەرەکییە، لێرەدا باسی ئەو مەرجە سەرەکییانە دەکەین کە لە تیۆری دادپەروەری (ڕاوڵز)دا جەختی لێکراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە دەرکردنی یاسای دادپەروەرانە و گشتگیر و گونجاو لەگەڵ خواست و پێداویستییە سروشتییەکانی هاووڵاتیاندا بگونجێت، بەشێوەیەک کە هەموو یاساکان بە یەکسانی بەسەریاندا جێبەجێبکرێن بە ڕێزگرتن لە ماف و شایستەکانیان، لە بەرامبەریشدا پابەندبوونی هاووڵاتیان و ڕاپەراندنی ئەرکەکانیان و هەڵوێستوەرگرتن لە هەر پێشێلکارییەک، مەرج و دەستەبەری ڕاستەقینەی سەروەریی یاسان. بۆیە بۆ ئەوەی سەروەریی یاسا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە پیادەبکرێت، پێویستی بە چەند مەرجێکی سەرەکییە بەمشێوەیەی خوارەوە:-

### 1-2-2. پابەندبوون بە یاسا

لە مەرجەکانی سەروەریی یاسا ئەوەیە کە پێویستە حکومەت و هەموو هاووڵاتیان پابەندی ئەو یاسایانە بن کە بە شێوەیەکی روون بڵاودەکرێنەوە و ڕادەگەیێنرێن. هاووڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و پێویستە دەستیان بە ڕێ و شوێنی دادپەروەری کاریگەردا بگات(مكاي، 2015 : 34). وا دەبینرێت کە سەروەریی یاسا دەستەبەری زیندوویەتییە بۆ ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ. بۆیە ئەم بنەمایە نابێت تەنیا دەقێکی ئاماژەپێکراو بێت لە دەستوری وڵاتاندا یان لە یاسا نیشتمانییەکاندا، بەڵکو کاتێک ڕۆح دەکرێت بە بەری ئەم چەمکەدا، کە جێبەجێبکرێت و پابەندی دروستبکات، تا هەستێک لای هاووڵاتییان دروستببێت کە یەکسانی لە بەردەم یاسادا راستییە و یاساکان سەروەری هەمووانن بە کەسانی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە (حسێن، 2019 : 243). سەروەریی یاسا نموونەیەکی باڵای هێز و دەسەڵاتی هەر حکومەت یان دەوڵەتێکی یاساییە، ئەم سەروەرییە لە پابەندبوون بە یاساوە سەرچاوەدەگرێت. لە کۆمەڵگا مەدەنی و دیموکراسییەکاندا یاسا بەرامبەر بە (هێز) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە یەکلاکردنەوەی ململانێیەکان. سەروەریی یاسا، دەوڵەت و تەواوی پێکهاتە بونیادییەکانی ملکەچی یاسا دەکات و لە سایەیدا دادپەروەری دەبێتە مۆرکی کارکردن و شێوازی بەڕێوەبردنی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی. کاتێک سەروەریی یاسا و دادپەروەری دەبنە بنەمای دەسەڵات، مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر، پارێزراو و بە یاسایی دەبن(قادر، 2023: 46). دەتوانین بڵێین پابەندبوون بە یاسا پێویستی بە دروستکردنی بارودۆخیکی هۆشیارانەیە بۆ هاووڵاتیان، بەمەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی بنەماکانی سەروەریی یاسا لە پێناو یەکسانی، بەرپرسیارێتی، دادپەروەری، بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان، دڵنیایی، دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتی تاکڕەوی و ئارەزوومەندانە، هەروەها بوونی شەفافیەت و رەخساندنی سەرجەم مافەکانی هاووڵاتیان.

لە ڕوانگەی (کانت)ەوە، مرۆڤ و شکۆی مرۆڤ، ئامانجی کۆتایی مرۆڤبوونە. بۆیە هاووڵاتیان لە یەک کاتدا یاسادانەر و جێبەجێکاری یاسان. هزری (کانت) وا دەخوازێت مرۆڤ بە پێی فەرمانە ئاکارییەکان یاسا پەسندبکات و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، نەک بە زۆرەملێ لە لایەن دامەزراوەکانەوە (مالمیری،1385: 83). لە ڕاستیدا یەکێک لە ڕێگاکانی بەدامەزراوەییکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا، پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێساکانە (رحمانی خلیلی، 1395: 139). لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سایەی یاسا و رێساکاندا رێکخستن و رێکوپێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا دروستدەبێت، یاسا دەبێتە باشترین بنەمای کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان(خسروی، 1398 : 115). سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و رەوایەتییەکەی لە رێی دامەزراوە دەستورییەکانە کە بە دەنگدانی نهێنی گشتی راستەوخۆ ئەنجامدەدرێت. بۆیە پێویستە هەموو کەسێک بە کارمەندانی دەوڵەتیشەوە رێز لە یاسا بگرن. خەڵک مافی ئەوەیان هەیە پێکەوە کاربکەن بە رێگای ئاشتییانە بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە ئەوان بە نادادپەروەرانە یان نالۆژیکی دایدەنێن (پێکەوە گرێدانی حکومەت و هاووڵاتی، 2006 :20-23). بۆیە پێویستە پابەندبوون بە یاسا لە قووڵایی بیرکردنەوەی هاووڵاتیاندا و کولتوورێک بچەسپێت، بۆ بە کولتوورکردنی پابەندبوون بە یاسا وەکو ئاکارێکی گشتی، پێویستە وەک بیرۆکەیەک لە چوارچێوەی پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیاندا بێت. بەشێوەیەک کە هاووڵاتیان لە نەبوونی یاسادا، لەسەر بنەمای ئەرکێکی ئاکاری و بە دڵسۆزی، بەرپرسیارێتی و ویژدانەوە پابەندبن بە یاسا.

گەشەکردنی کۆمەڵگا و بەرەوپێشچوون لە رەوتی مێژوویی هەر گەلێك، بەندە بە ئاستی جێبەجێکردنی یاسا (قندی و پورعزت، 1390: 12). جێبەجێکردنی یاسا، رێسا و بڕیارەکانی دەسەڵات و دامەزراوە گشتییەکان، لە هەمانکاتدا رێزگرتن لە مافەکانی هاووڵاتیبوون ئامرازەکانی گەشەکردن و بوژانەوە دابیندەکەن. بۆیە کۆنترۆڵکردنی رەفتاری تاکەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، راستەوخۆ پەیوەندی بە پێشخستن و پەرەپێدانی مافەکانی هاووڵاتیبوونەوە هەیە (خسروی، 1398 : 116).لێرەدایە کە هەبوونی سەروەریی یاسا بەشێوەیەکی بەرفراوان، پێویستی بە دروستبوونی باشترین پیادەکردنی یەکسانی و بەڕێوەبردنە، پابەندبوون بە یاسا وەکو گوزارشتێکە لە یەکسانی و بەڕێوەبردنێکی دادپەروەرانە.

بەگشتی رێککەوتن لەسەر ئەوەدەکرێت کە پێویستە سەروەریی یاسا بەرفراوان بێت بە پابەندبوون بە یاسا و دەسەڵاتی دادوەری دیاریکراو، هەرچەندە لەوانەیە یاسا خۆی بە شێوەیەکی گونجاو سەروەریی یاسا نەپارێزێت (Goldsworthy, 2010: 61). پابەندبوون بە یاسا بۆ هەموو پێکهاتە و چینە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆئەوەی ئاستی باڵای هۆشیاری سەبارەت بە رێزگرتن لە یاسا لە پەرەسەندندا بێت و کاریگەری ئەرێنی دروستبکات. پێویستە دەسەڵاتداران پابەندبن بە جێبەجێکردنی یاساکان بۆ دروستکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەروەریی یاسا. چۆن خەڵک باوەڕی بە یاسا بێت؟ کە لە دۆخێکی ئاساییدا بەرپرسێک فەرمان بکات گڵۆپی چوارڕییانەکان سەوز بێت بۆی و هاووڵاتیان لە پشت گڵۆپی سوورەوە بمێننەوە! مەرجی پێویستی سەروەریی یاسا پەیوەستە بە تێگەیشتنی هاوبەشی خەڵک لە ڕەوایەتی یاساکان.

## 2-2-2. تایبەتمەندی و گشتگیری یاسا

هەبوونی یاسای گشتگیر بنەمایەکی سەرەکییە لە دروستبوونی سەروەریی یاسا. هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە جیهاندا پرسی یاسا یەکێك بووە لە گەرمترین بابەتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە سەرجەم قەیرانەکانی ناسەقامگیری سیاسی، ئابووری، بڵاوبونەوەی هەژاری، گەندەڵی، نایەکسانی و توندوتیژی بە یاسا چارەسەردەکرێن. بۆیە بۆ هەبوونی سەروەریی یاسا گرنگی بەوەدەدرێت کە ماف و ئەرکی سەرجەم هاووڵاتیان و دامەزراوەکانی وڵات لە چوارچێوەی یاسای گشتگیردا دیاریبکرێن.

پێکهاتەکانی سەروەریی یاسا تا دەکرێت پێویستە ئاسان بن بۆ هەمووان لە پێناو تێگەیشتن و زانینی هەر یاسایەک؛ پێویستە هەمووان بزانن چ کاتێک گوێڕایەڵی یاسا دەبن، چونکە گومان لە یاسادا گومان و نادادپەروەری ڕاستەقینە دروستدەکات لە نادادپەروەریدا (لو، 2016 : 84-85).

بوونی یاسایەکی دیاریکراو کە پەیوەندییە گشتییەکانی نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵات لە لایەک و سنووری دەسەڵاتداران لە لایەکیتر دیاریبکات هۆکارێکی بنچینەیی و گرنگە لە پابەندبوون بە سەروەریی یاسا و دەستەبەرکردن و پاراستنی مافی ئازادییەکان(قادر، 2023، 29).

تایبەتمەندییە گشتییەکانی یاساییبوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بریتین لە: هەبوونی پێکهاتە، گشتگیربوون، بابەتیبوون، کۆنترۆڵی ئازاد، سیستماتیکبوون. ئەگەر کۆمەڵگایەک ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت، ئەوە بە کۆمەڵگایەکی یاسایی دادەنرێت (عباس، 1398: 190). بۆیە بەگشتی تایبەتمەندییەکانی سەروەریی یاسا بریتین لەمانەی خوارەوە: **1-لێپرسینەوە:** هەرکەسێک ئەگەر سەرپێچی لە یاسا بکات، دەبێت دەرئەنجامی کارەکانی هەڵبگرێت و سزای گونجاو وەربگریت. **2-ناوەڕۆکی یاساکان**: یاساکان پێویستە مافەکانی مرۆڤی هەموو تاکەکان بپارێزن. **3-دارِشتنی یاساکان:** پێویستە هەموو هاووڵاتیان بزانن کام دەزگای حکومەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرپرسیارە لە داڕشتنی یاساکان. 4-**جێبەجێکردنی یاساکان:** پێویستە لە لایەن بەرپرسانی گشتی، یاساکان لەسەر بنەمای یەکسانی جێبەجێبکەن. 5-**بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان:** پێویستە هاووڵاتیان دەرفەتی بەشداری ڕاستەوخۆیان لە پرۆسەی بڕیاردانی یاسادانانداد هەبێت. 6-**جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان:** پێویستە جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەریدا هەبێت. 7-**دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری:** پێویستە هەموو هاووڵاتیان دەستیان بە ڕێ وشوێنی دادپەروەری بگات. 8-**سەلامەتی و ئاسایش:** هاووڵاتیان پێویستە هەست بەوەبکەن کە خۆیان، ماڵ و موڵکیان سەلامەتن و پێویستە لە کردەوەی توندوتیژی بپارێزرێن (مكاي، 2015 : 13).

یاسا ئاماژەیە بۆ هەر ڕێسایەکی گشتی و پابەندکار کە مەبەست لێی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەمە هەر جۆرە بڕیارێک دەگرێتەوە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە داڕێژراوە، لەوانەش دامەزراوە و ڕێکخراوەکان کە ئەمڕۆ ئەم جۆرە یاسایانە لە شێوەی یاسای دەستوری، یاسای گشتی، یاسای تایبەتی، یاسای مەدەنی، یاسای تاوان، یاسای کار، یاسای بازرگانی، یاسای دارایی و یاسای کارگێڕیدا دەبینین (عبدى، 1389 : 86). مەرجی پێویستی جێبەجێکردنی یاساکان پەیوەستە بە تێگەیشتنی هاوبەشی خەڵک لە ڕەوایەتی یاساکان لە ڕەهەندی ڕۆشنبیری و پابەندبوون بە یاساکان لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، بەم پێیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی بەریتانی تاڵکوت پارسۆنز-(Talcott Parsons:1902-1979)ەوە یاسا یەکێکە لە پێکهاتە جەوهەرییەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی و پابەندبوونی هاوسەنگ لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری (عباس، 1398 : 81). کەواتە کاتێک یاساکان لە ڕووی لۆژیکییەوە لەگەڵ پێداویستی هاووڵاتیاندا ناگونجێن، ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەسەڵاتی تاکڕەوانە و ئارەزوومەندانە، ئەمەش لە بەرامبەردا ئەگەری گەندەڵی زیاددەکات. بەهێزی یاسا خواستی هەموو هاووڵاتیانە، پاراستنی هاووڵاتیان لە کرداری ئارەزوومەندانە بە یاسا جێبەجێدەکرێت. یاسای گشتگیر و بەهێز ڕێگریدەکات لە هەبوونی نادادپەروەری، نایەکسانی و زاڵکردنی دەسەڵاتی هەندێک کەس و گروپ بۆ سەپاندنی هەندێک ئەرک بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسا و کۆمەڵگا کاریگەرییان لەسەریەکتر هەیە، یاسا لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگادا گەشەدەکات، پێچەوانەی ئەمە کۆمەڵگا لە دژی شۆرش بەرپادەکات تا یاسایەکی تازە و گونجاو بخاتە شوێنی، بە لەبەرچاوگرتنی واقعی ئەو کۆمەڵگایەی یاساکەی تێدا دەردەچێت لە رووی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، بیروباوەر و رۆشنبیرییەوە (زەڵمی، 2017 : 40). کاتێک دەرئەنجامێکی ئەرێنی و پێشکەوتوو لە کۆمەڵگادا بەهۆی تایبەتمەندی یاسا و سەروەریی یاساکانەوە رووەدەدات، دڵنیایی و متمانە دروستدەکات لای هاووڵاتیان، وایان لێدەکات لە کاروبارەکانیاندا پشت بەو یاسایە ببەستن کە بۆیان دانراوە و ئاستی هۆشیارییان لە بابەتی یاساییبوون و سەروەریی یاسادا بەرەوپێشببەن.

پێویستە یاساکان بە روونی و بەبێ هیچ دووفاقییەک پێناسەی ئەو شتانە بکەن کە پێویستە هاووڵاتیان پەیڕەوی لێبکەن، نەک بڕیارەکە لە کاروباری خۆیاندا بۆ ویستی دەسەڵات جێبهێڵن (لو ، 2016 : 84). بۆیە یاسای باش چەند مەرجێکی هەیە کە دەبنە هۆکارێک بۆ گشتگیربوون و بەتوانابوون وەکو **یەکەم**: نابێت هیچ یاسایەک یان بەندێکی یاسایی یان بڕیار و ڕێسایەک ناتەبا بێت. **دووەم**: پێویستە دەقی مادده و بڕگەکان کورت و ڕوون بن و پێویستییان بە هەوڵی روونکردنەوە نەبێت و لێکدانەوەی دژ بە یەک و ناتەبا لەخۆنەگرن. **سێیەم**: لە هەر یاسا و دەقێکی یاسایی بە گشتی مەبەستی یاسادانەر گرنگە، ئەگەر یەک کەس بێت یان لیژنەیەک بێت یان دەزگایەک بێت، چونکە مەبەستی یاسادانەر وەکو تیغی دوو دەم وایە، دەکرێت مافێک بە ماددەیەک یان بڕگەیەک لە یەکێک لە بەشەکاندا دیارییبکات، بەڵام هەر لە هەمان مادده و بەڕگە یان لە مادده و بڕگەیەکی پێش یان پاشتر بە گشتی یان بە پچرپچڕ شتێکی لێ کەمبکاتەوە یان گومانی بخاتە سەر یان پەکیبخات. **چوارەم**: گرنگی هەر یاسایەک یان دەقێکی یاسای تەنیا لە خودی دەقەکاندا نییە بگرە لە جێبەجێکردنی دەقەکانیەتی لە واقیعدا، واتە ئەو دەقانە چەند و چۆن پیادەدەکرێن، هەروەها ئەو دەسەڵاتە یان دەسەڵاتەکان کە پەیوەندیدارن چەند باوەر و توانای جێبەجێکردنیان هەیە (سالم، 2011 : 52).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-3. سەروەریی یاسا لە ڕوانگەی تیۆری دادپەروەری جۆن ڕاوڵز-John Rawls:1921) (2002

ڕوونکردنەوەی هەر دیاردەیەکی زانستی بە ڕوانگەیەکی تیۆری و هزری ئەنجامدەدرێت. لێرەدا بەکورتی سەروەریی یاسا لە ڕوانگەی تیۆری دادپەروەری لە تێڕوانینەکانی جۆن ڕاوڵزدا دەخەینەڕوو، چونکە لە تیۆری دادپەروەریدا بایەخێکی زۆر بە سەروەریی یاسا دراوە و جەخت لە بنەما سەرەکییەکانی دەکرێتەوە کە بریتین لە: یەکسانی و ئازادییە بنەڕەتییەکان. فەیلەسوفی یاسایی و سیاسی ئەمریکی جۆن ڕاوڵز، هەوڵیداوە یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەکانی فەلسەفەی سیاسی چارەسەربکات کە کێشەی دادپەروەرییە. تیۆری دادپەروەری جۆن ڕاوڵز لە ساڵی (1971) دانراوە، بابەتە گرنگەکانی ئەم تیۆرە بریتین لە: سەروەریی یاسا، دادپەروەری، هاووڵاتیبوون، یەکسانی و ئازادی. جەخت لەوەدەکاتەوە کە دەتوانرێت ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی سیستەمی یاساییدا دەستەبەربکرێن. بۆیە گرنگیدان بە سەروەریی یاسا بۆ بۆنیادنانی کۆمەڵگا ڕێگایەکە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ماف، ئەرک، جیاوک و بنەماکانی هاووڵاتیبوون.

لە تیۆری دادپەروەریدا هاتووە هاووڵاتیانی کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو بە سروشتی خۆیان دەیانەوێت سەروەریی یاسا بپارێزن، بۆ ئەوەی دڵنیابن و چێژ وەربگرن لە ئازادییەکان و جێبەجێکردنیان. ڕاوڵز جەخت لەوەدەکاتەوە بۆ هەبوونی سەروەریی یاسا، پێویستە سیستەمی یاسایی هەبێت، ئەمەش لەم تیۆرەدا بەمشێوەیە هاتووە کە سیستەمی یاسایی تێکەڵەیەکە لە ماف و ئەرکەکان کە دامەزراوەکان دیاریان کردوون. ئازادییە جۆراوجۆرەکان ئەو شتانە دیاریدەکەن کە هاووڵاتیان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان ئەنجامیبدەن، لەم ڕووەشەوە هەروەک سروشتی ئازادی داوایدەکات، ئەوانیتریش پابەندن کە دەستتێوەردانیان تێدا نەکەن (ڕالز، 1999: 260-261). ڕاوڵز پێداگری لەسەر ئەوەدەکات کە ئامانجی بنەڕەتی سەروەریی یاسا دڵنیابوونە لەوەی کە یاسا توانای ڕێنماییکردنی ڕەفتاری هاووڵاتیانی هەیە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە هەموو یاساکان ڕوون و تاڕادەیەک جێگیربن، هەموو جۆرەکانی حوکمڕانی ئارەزوومەندانە لەگەڵ سەروەریی یاسادا دەگونجێن، فەرمانڕەوا دەتوانێت ڕێسا گشتییەکان

لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەرەوپێشبرات بەبێ ئەوەی سەروەریی یاسا پێشێلبکات (Goldsworthy, 2010: 37).

دەتوانین بڵێین بەهۆی سەروەریی یاساوە دادپەروەری لە هەموو کاروبارەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکاندا بەدیدێت. پشتیوانی یاسایی لە ماف، ئەرک و ئازادییە سەرەکییەکان پێویستە تاوەکو بڕیار و هەڵسەنگاندنەکان بە دادپەروەری شیبکرێنەوە. کاتێک سەروەریی یاسا بوو بە بنەمای دامەزراوەکان، دەبینین بەشێوەیەکی خۆڕسک پابەندبوون، دڵسۆزی و بەرپرسیارێتی لای هاووڵاتیان سەرهەڵدەدات.

دوو خالی سەرەکی وەک تایبەتمەندییەکی دیاری سیستەمی یاسایی هەن کە بریتین لە:
**یەکەم**: ئەو کارەی کە پەیرەوی ناوخۆیی یاسا داوایدەکات یان ئەنجامدانی قەدەغەدەکات.
**دووەم**: ئەو تێڕوانینەی کە پێویستی بە توانایی هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی سەرقاڵی دانانی یاسا و دەرکردنی فەرمانن، پێویستە بە نیازێکی باشەوە ئەو کارە ئەنجامبدەن. بۆیە پێویستە چاودێری ئەوە بکەن هەموو ئەو فەرمانانەی کە دەردەچن، جێبەجێدەکرێن (رالز، 1999: 258-259). ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەردەوام پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هاووڵاتیان و پابەندبوونیان بە یاسا، چونکە تەواوی ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیان لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەچوارچێوەی یاسادا دیاریدەکرێن.

بنەماکانی دادپەروەری بە بڕوای ڕاوڵز پێویستە بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بگونجێت (ڤوت، 2004 : 77). ڕاوڵز سەرنجی خۆی لەسەر پابەندبوونی سیاسی و ڕەوایەتی دەسەڵاتی سیاسی چڕناکاتەوە، بەڵکو زیاتر سەرنجی لەسەر دادپەروەری سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە. هەروەکو لە لایەن ڕاوڵزەوە پێناسەکراوە، دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێویستی بەوە هەیە کە پێکهاتەی بنەڕەتی کۆمەڵگا لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەرییدا بێت کە دابەشکردنی دروستی سوود و هاوکاری کۆمەڵایەتی و تەرخانکردنی دروستی ماف و ئەرکە سەرەتاییەکانە (Lessnoff, 1986 : 131). کەواتە هەر نادادپەروەرییەک لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا زیانی لێدەکەوێتەوە، چونکە ناتوانرێت بە تەواوی قەرەبوو بکرێتەوە، بۆیە لەکاتی جێبەجێکردنی بنەمای سەروەریی یاسادا، پێویستە هەموو ئەو ماف و پابەندبوونانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرچاوبگیرێن کە پێناسەی ئازادی دەکەن و مەرجەکانی ئەو بنەمایە ڕێکدەخەن (رالز، 1999: 263).

هاووڵاتیان بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ یەکتردا یەکسانن، هەرچەندە ڕادەی چاوەڕوانی و هیوای تاکەکان بە ژیان جیاوازە کە بەشێکی زۆر لەو جیاوازییانە بۆ دۆخە جیاوازەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی دەگەڕێنەوە، هەبوونی مافی یەکسانی هەموو تاکێک پەیوەستە بە هەبوونی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، هەروەها سەروەریی یاسا بۆ دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان و پشتیوانیکردن لە هەبوونی ژیانێکی باش بەڕووی هەموو هاووڵاتیاندایە بەبێ جیاوازی.

لە تیۆری دادپەروەریدا دوو بنەمای سەرەکی هەیە، **بنەمای یەکەم**: ئەوەیە کە هەموو هاووڵاتیان مافی یەکسانیان هەیە بۆ بەهرەمەندبوون لە فراوانترین سیستەمی ئازادییە بنەڕەتییە یەکسانەکان، سیستەمێکی ئازاد کە بۆ هەمووان بگونجێت. لە گرنگترین ئازادییە یەکسانەکان ئازادی سیاسی لە مافی دەنگدان و مافی وەرگرتنی پۆستی گشتی، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گردبوونەوە، ئازادی بیروڕا، ئازادی بیرکردنەوە و ئازادی کەسی. هەروەکو لە چەمکی سەروەریی یاسادا هاتووە کە پێویستە ئەم ئازادییانە یەکسان بن. **بنەمای دووەم**: نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە شێوەیەک ڕێکبخرێت کە لە لایەک، چاوەڕوان بکرێت سوودی بۆ هەمووان هەبێت و لە لایەکیتر، دەرفەتی پێگە و پۆستەکان دەرگایان بۆ هەمووان کراوەبێت (رالز، 1999: 93-94). هەروەکو ڕاوڵز ئاماژەی پێدەدات نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویستە بە شێوەیەک ڕێکبخرێن کە ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی لاوازترین و بێبەشترین هاووڵاتیاندا بێت (رالز، 1999: 302). دابەشکردنی سامان، داهات و پلەبەندییەکانی دەسەڵات، پێویستە لەگەڵ ئازادییەکانی هاووڵاتیبوونی یەکسان و یەکسانی دەرفەتەکاندا بگونجێن (Rawls, 2019 : 61).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-3. ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا لە چوارچێوەی تیۆری دادپەروەری جۆن ڕواڵزدا

لەبەر ڕۆشنایی بنەما سەرەکییەکانی نێو ئەم تیۆرە دەتوانین بڵێین ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان لەبەر نەبوونی 1- دادپەروەری، 2- دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی و ئازادی، 3- پابەندنەبوون بەجێبەجێکردنی یاسا، بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە؛ بەشێوەیەک کە نادادپەروەری هۆکاری سەرەکی دروستبوونی سەرجەم ناڕەزایەتییەکانە لای زۆربەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هاووڵاتیان بۆ پابەندنەبوون بە یاسا و ئەنجامنەدانی ئەرکەکانیان بە دڵسۆزی و بەرپرسیارێتی لە لایەک و پەرەسەندنی گەندەڵی لە زۆربەی جومگەکان لە لایەکیتر.

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەروەریی یاسا، مافەکانی مرۆڤ، کێشەی توندوتیژی و ناسەقامگیریی سیاسییەوە هەیە کە بە پلەی سەرەکی یەکێک لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی، لادانە لە بنەمای سەروەریی یاسا، بۆیە جۆن ڕاوڵز لە تیۆری دادپەروەریدا باس لە سەروەریی یاسا دەکات وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ دروستبوونی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا، بۆ هەبوونی سەروەریی یاساش گرنگییەکی زۆر بە ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەدات، بۆیە لەسەر بنەمای تیۆری ناوبراودا، هەوڵدەدەین ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا شیبکەینەوە.

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)وە، لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هاتەکایەوە، ژیان ڕێکخرا بە کۆمەڵێک یاسا کە پەیوەستن بە پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان، هەڵبژاردن و مافی خۆپیشاندان و گردبوونەوە. تاڕادەیەک بنەماکانی سەروەریی یاسا پەیڕەودەکرا، هەرچەندە هەندێک قۆناغی مەترسیدار هەبوون وەک: شەڕی ناوخۆ و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و دوارۆژی دیموکراسییەت(ئاکرەیی، 2020). لە مێژووی هاوچەرخی ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، چەمکی سەروەریی یاسا بەشێوەیەکی سست جێبەجێکراوە و بەستراوەتەوە بەو مەرجەی کە نابێت دەستببرێت بۆ پرسە هەستیارە پەیوەندیدارەکان بە دەسەڵات (حسێن، 2019 : 246).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەریی یاسا بە پاڵپشتی ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی، راپرسییەکی سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەری و سیستەمی لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە دەرکەوتووە کە زۆرینەی هاووڵاتییان رەخنەیان لە سەروەریی یاسا هەیە و پێیانوایە سیاسەت تێکەڵ بە بواری یاسا کراوە و کەموکورتییەکی زۆر لە سیستەمی دادوەریدا هەیە (حیسامەددین، 2020). لەلایەکیتر، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD) لە هەرێمی کوردستان لە راگەیێندراوێکدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن لە کۆمەڵگایەکدا دەژین هێشتا ستەمکاری لەو پەڕی هێزدایە و دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی خراپ لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەکاردەهێنرێن. پێشێلکاری لەناو دامەزراوە یاسایی و حکومییەکاندا بەربڵاوە، لەبەرئەوە پێویستمان بەکاری جدی و لێبڕاوانە و بەهەموو تواناکان هەیە بۆ برەودان بە پرسێکی گرنگی وەک مافەکانی مرۆڤ(سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، 2024). لە ڕاپۆرتی دامەزراوەی پەی بۆ سەروەریی یاسادا هاتووە کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا یاسا سەروەر نییە! هێزە سیاسییەکان بە گشتی و باڵادەستەکان بەتایبەتی پەیوەستی یاساکان نین، هەریەکە لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) پێشێلی یاساکانیان کردووە و دەیکەن! تاکی هاووڵاتیش لێی بەدەر نیە! سەروەریی یاسا لە ژێر پرسیاردایە. دەتوانین لێرەدا هۆکارەکانی نەبوونی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا لە چەند خاڵێکدا کورتبکەینەوە کە بریتین لە: **یەکەم**: نەبوونی دەستورێك کە دەسەڵاتەکانی تیایدا دەستنیشانکرابن، **دووەم**: جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری، **سێیەم**: جیانەکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت، **چوارەم**: نەبوونی دادگای دەستوری بۆ چاودێری جێبەجێکردن، **پێنجەم**: سەربەخۆ نەبوونی دادگا و دادوەرەکان و دەزگای داواکاری گشتی، **شەشەم**: سەربەخۆ نەبوون و بێلایەن نەبوونی هێزەکانی ناوخۆ کە ئەرکی کۆنترۆڵی دادوەری لە ئەستۆدایە، **حەوتەم**: لاوازی دەسەڵاتی یاسادانان کە پەرلەمانە، بەتایبەتی لە رووی چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، **هەشتەم**: نەبوونی شەفافیەت، **نۆیەم**: بوونی هێزی چەکداری حیزبی، **دەیەم**: کەمکردنەوەی رۆڵ، تۆقاندن و سنوردارکردنی دەسەڵاتی چوارەم (دامەزراوەی پەی، 2024).

سەروەریی یاسا بەردەوام پرسێکی هەستیار و کێشەیەکی گەورەیە کە رووبەڕووی کۆمەڵگای کوردستانی بووەتەوە. بۆیە نەتوانراوە بە تەواوی ئەو بنەمایە بچەسپێنرێت کە نابێت کەس لە سەرووی یاساوە بێت و یاسا جێبەجێبکرێت بەبێ جیاوازی ڕەگەز، ئاین، پلەوپایە یاخود ئایدۆلۆژیای حیزبی. بەردەوام راپۆرتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان رەخنەی ئەوەیان هەیە کەبنەماکانی ئازادی، یەکسانی و مافی مرۆڤ دەستەبەرنەکراون، بەهۆی نادادپەروەرییەوە بەردەوام فشار و نارەزایەتی بە شێوازی جیاجیا لە لایەن هاووڵاتیانەوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی هەبووە. چەندین رێگاچارە بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی یاسا لە لایەن حکومەتەوە ئەنجامدراون، یەکێک لە هەنگاوە سەرەکییەکان دەرچوونی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2020 (یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان) بووە کە هەوڵ بۆ چاکسازی و جێبەجێکردنی یاسا بدرێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لە عێراقی فیدراڵ و ئارەزوومەندانە لە وڵاتێکی یەکێتی فیدراڵیدا کارەکانی رێکخراوە. لە پاش راپەڕین وردە وردە بنەماکانی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دروستبوو، بەڵام ئەم رۆحییەتە نەچەسپا کە پێویستە هەمووان رێز و شکۆی یاسا بەرکار و دەرکراوەکان بپارێزن، لە لایەکیتر لەم ئەزموونەدا زۆر دیاردەی نارەوا و نایاسایی دەرکەوتن وەکو شەڕی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵات، دروستبوونی دوو حوکمڕانی، دەرکەوتنی گەندەڵی، دەمارگیری و زاڵبوونی رۆحی ناوچەگەریی و بنەماڵەیی لەبری یەکسانی و دادپەروەری؛ ئەمانەش سەرجەم ئەو راستییەیان کاڵکردەوە کە هەرێمی کوردستان شوێنێک بێت بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا و یەکسانبوونی هەمووان لە بەرامبەر یاسادا(حسێن، 2019 : 244).

لێرەدا ئەمە دەردەکەوێت کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا سەروەریی یاسا لە قەیرانێکی گەورەدایە، هەژموونی حیزبی و دەستتێوەردانی حیزبی رۆژ لەدوای ڕۆژ لە کاروباری دادگاکان و تەنانەت لە دەستنیشانکردنی دادوەرەکاندا زیاتردەبێت، زۆربەی کێشەکان لە دەرەوەی دامودەزگای دادوەری یان لە ڕێگای عەشیرەتەکان یان مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکان، یان لە رێگای پەیوەندی کەسی و بنەماڵەیی چارەسەردەکرێن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی متمانە بە یاسا کە لەئەنجامی نەبوونی سەروەریی یاسادا سەرهەڵدەدات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ و پابەندە بە دەستوری عێراق، لەم دەستورەدا بە فەرمی گرنگی بە سەروەریی یاسا دراوە و لە ماددەی (5)دا هاتووە: (سەروەری بۆ یاسایە، گەلیش سەرچاوەی دەسەڵات و ڕەوابوونیەتی، کە بەهۆی دەنگدانی ڕاستەوخۆ و نهێنییەوە لە ڕێی دام و دەزگا دەستورییەکانەوە ئەنجامی دەدات)، هەروەها لە ماددەی(19) لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە: (کە دادگا سەربەخۆیە و هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نیە جگە لە یاسا)، (دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ : 2005).

هەرچەندە لە ماددەی (120)ی دەستوریساڵی (2005)ێی عێراقی فیدراڵدا ئەو مافە دراوە بە هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەو بەڵگەنامە گرنگە بێت کە پەیوەندییەکانی هاووڵاتی و دەسەڵات و پاراستنی مافی ئازادییەکان و سەروەریی یاسا بە دەقی دەستوری ڕێکبخات، بەڵام تا ئێستا دەسەڵاتدارانی هەرێم نەیانهێشتووە هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستورێکی سەربەخۆ و بەهرەمەندبێت لەو دەستکەوتە گرنگە، چونکە ئەم بەڵگەنامەیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ملکەچکردنی دەسەڵاتداران و هاوتاکردنیان لەگەڵ هاووڵاتییان، بە شێوازێک کەس لەسەرووی یاسا نەبێت(حسێن، 2019 : 246).

دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان – عێراق لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستاندایە، کارەکانی ئەم دەستەیە بە یاسا ڕێکخراوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم دەستەیە بەپێی ماددەی سێیەمی یاساکە بەمشێوەیە:- (دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان کاردەکات لە پێناوی جێگیرکردنی میکانیزمێکی کارا بۆ چەسپاندنی بنەمای سەروەریی یاسا، هەروەها نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و پشتیوانیکردن لە بنەمای شەفافیەت و تۆکمەکردنی لە نێو تێکڕای دەزگاکانی هەرێمدا لە ڕێی ڕێکارە یاساییەکانەوە) (یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2011، یاسای دەستەی دەستپاکی). لە ئێستادا دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان– عێراق بە هاوکاری بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) ڕەشنووسی میساقی شەرەفی ئامادەکردووە. گرنگی بڕگەکانی میساقەکە، پابەندبوونی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە بە بنەمای سەروەریی یاسا و بنەماکانی حکومڕانی تەندروست و دەستپاکی و دژایەتی گەندەڵی، هەروەها پیادەکردنی شەفافییەت لە کاروباری ناوخۆی لایەنەکاندا و ڕێزگرتن لە دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان(دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان – عێراق، 2024).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر بو وردی ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بخەینەڕوو، دەبینین کە هۆکاری سەرەکی نەبوونی بنەماکانی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان کە جۆن ڕاوڵز لە تیۆرەکەیدا خستووەتەڕوو سەبارەت بە ئازادی، یەکسانی و مافەکان بۆ چەندین فاکتەر دەگەڕێتەوە، لە لایەک سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بە تەواوەتی نەتوانراوە گشت مافەکانی هاووڵاتیان دەستەبەربکرێت، چونکە زۆربەی یاساکان دوچاری هەمواركردنەوە دەبنەوە، یان بەهۆی کەموکورتی ناوەڕۆکیان یاسای نوێ دەردەچوێنرێت، یان یاساکە هەر جێبەجێ ناکرێت، هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە تا ئێستا یاساکان بە تەواوەتی نەیانتوانیوە گشت مافەکانی هاووڵاتیان دەستەبەربکەن، خاڵێکی تر کە جێگای ئاماژەپیدانە هەبوونی ململانێی نێوان حیزباکانە؛ هەر حیزبێک لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی یاسا شکێنیدەکات و بە شێوازی جیاواز ئەندامەکانی پەروەردەدەکات بەگوێرەی بیروباوەری سیاسی و بەرژەوەندی خۆی، تەنانەت رێگریدەکات لە هەبوونی ئازادی، یەکسانی و شەفافییەت؛ هەروەها هێزە سیاسییەکان بە گشتی و باڵادەستەکان بەتایبەتی بەشێوەیەکی باش پەیوەستی یاساکان نین و پابەندبوون بە یاسا بە تەواوەتی جێبەجێ ناکرێت، چونکە ئەگەر پابەندبوون بە یاسا تەنیا بۆ کەسانی ئاسایی بێت، ئەمە نیشانەی نەبوونی سەروەریی یاسایە.

دەتوانین دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە پێشێلکاری گەورە ڕووبەڕووی ئازادییەکان دەبێتەوە لە دەرەوەی چوارچێوە یاسایی و دادوەرییەکاندا؛ تەنانەت خەریکە وایلێدێت کە ئازدی بەو مەرجە رێگەپێدراو بێت کە لە بەرژەوەندی لایەنی دەسەڵاتدار بێت! فشارێکی زۆر لەسەر هاووڵاتیانە لە بواری ڕادەربریندا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بریتییە لە بەندکردنی ئازادی کە بۆشاییەکی گەورەی دروستکردووە. سەبارەت بە مافەکانی زۆربەی چین و توێژەکان لە هەرێمی کوردستاندا پیشێلکاری هەیە، ئافرەتان دوای چەندین ساڵ لە خەباتی رێکخراوەیی نەگەیشتوونەتە سەرجەم مافەکانیان، بەتایبەت لە ڕووی ڕەگەزییەوە تا ئێستا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە. بەپێی ئستاندارده جیهانییەکان بارودۆخی زیندانیان باش نییە و ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ ناکرێت، لە لایەکیتر نەبوونی بێمەی تەندروستی، دەرفەتی هەلی کار و زۆربوونی بێکاری، کارکردنی منداڵانی خوار هەژدە ساڵ و خراپی دۆخی کەسانی

خاوەن پێداویستی تایبەت، هەموویان ئاماژەن بۆ نەبوونی مافەکانی مرۆڤ بۆ سەرجەم چین و توێژەکان کە پێویستە لەچوارچێوەی یاساکاندا چارەسەر بکرێن.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەی گەیشتووینەتە چەند ئەنجامیک بەمشیوەیە خوارەوە:

1- مەرجی پێویستی سەروەریی یاسا پەیوەستە بە تێگەیشتنی هاوبەشی خەڵک لە ڕەوایەتی یاساکان، چونکە گرنگی هەر یاسایەک یان دەقێکی یاسایی تەنیا لە خودی دەقەکەدا نییە، بەڵکو لەجێبەجێکردنییەتی لە واقیعدا لە لایەن هەمووانەوە. ناکرێت هێزە سیاسییەکان بە گشتی و باڵادەستەکان بەتایبەتی، پەیوەستی یاساکان نەبن و پابەندبوون بە یاسا تەنیا بۆ کەسانی ئاسایی بێت، چونکە دەبێتە هۆکاری پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئارەزوومەندانە و پێشێلکردنی سەروەریی یاسا.

2- ڕەوشی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا لە دۆخێکی باشدا نییە بەتایبەت لە بواری جیانەکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت و سەربەخۆ نەبوونی دادگاکان، دادوەرەکان و داواکاری گشتی، هەروەها ناسەربەخۆیی و بێلایەن نەبوونی هێزەکانی ناوخۆ و هەبوونی هێزی چەکداری حیزبی و زۆربوونی گەندەڵی. هەموو ئەمانە ئاماژە سەرکییەکانی ئەوەن کە سەروەریی یاسا بەپێی پێویست جێبەجێ نەکراوە.

3- پێویستە هەموو یاساکان ڕوون و گشتگیر و تاڕادەیەک جێگیربن، بۆ دڵنیابوون لەوەی یاسا توانای دەستەبەرکردنی مافەکانی هاووڵاتیانی هەیە کە یەکێکە لە مەرجەکانی سەروەریی یاسا، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا بەشێک لە یاساکان گشتگیرنین و توانای دەستەبەرکردنی گشت مافەکانی هاووڵاتیانیان نییە. بۆیە بەردەوام هەمواردەکرێن، یان دەگۆڕدرێن، تەنانەت هەندێک یاسا و ڕێنمایی هەر جێبەجێ ناکرێن.

4- لە هەرێمی کوردستاندا بنەما سەرەکییەکانی سەروەریی یاسا وەک پێویست دەستەبەرنەکراون هەروەک لە تیوری دادپەروەریی جۆن ڕاوڵزدا جەختیان لێکراوە کە بریتین لە: بنەماکانی یەکسانی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، چونکە نایەکسانی

گەیشتووتە زۆربەی جۆمگەکان و ئازادییە گشتییەکان بەردەوام پێشێلدەکرێن، تەنانەت ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ بۆ سەرجەم چین و توێژەکان لە بارودۆخێکی باشدا نییە.

---

## سەرچاوەکان

-آوگوست فون، هایک فریدریک. (1992). قانون و قانونگذاری و آزادی. ترجمه:معیری، مهشید. و غنی نژاد، موسی. تهران:انتشارات دنیای اقتصاد.
-ابراهیمی لویه، سهیلا. (2012). حاکمیت قانون. سوید: موسسه حقوق بشر و حقوق بشر دوستانه (رائول و النبرگ و لاهه).
-ارسطا، محمد جواد. و مستقیمی، مهدیه سادات. (1391). حوکمرانی شایسته. مجموعه اثار حوزه حکومت اسلامی.
-باستیا، فریدرێک.(2007). یاسا. وەرگێڕانی: ئازادی، چرای. هەولێر.
-برومند اعلم، عباس.(1393). دولت. تهران :کانون اندیشه جوان.
- حسێن، دانا دارا. (2019). ڕوانینی یاساییانە. سلێمانی .
- لۆید، دێنیس.(2006). ئایدیای قانون، و:کەریم، ئاسۆ. و تالب، نەریمان. و مشیر، محمد. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
-دياني، مراد .(2014). نظرية العدالة في النموذج الليبرالي المستدام. بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات
-رجبی، میثم. (1395). عدالت حقیقت گرا. سنندج: انتشارات علمی کالج.
-رالز، جان.(1999). نظریه‌ای در باب عدالت، ترجمه: نوری، مرتضی. تهران: نشر نوبهار.
-زريق، برهان. (2016). فلسفة الدولة، الطبعة الأولى. السورية : وزارة الإعلام.
- زەڵمی، مستەفا.(2017). فەلسەفەی یاسا. وەرگێرانی:شێخ محمد، کەمال. هەولێر:چاپخانەی رۆژهەڵات، منتدى إقرأ الثقافي.
- سالم، جەوهەر نامق. (2011). کورد لە گەمەی دەقە یاساییەکاندا. چاپی دووەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
-سروش، عبدالکریم. (1385). ادب قدرت، ادب عدالت. تهران: چاپ صراط.
-شەریف، ئەمین فەرەج.(2019). حوکمڕانیەتی باش لە هەرێمی کوردستان. و: قادر، لوقمان حاجی، دهۆک: چاپخانەی هێڤی.
-عبدی، عباس. (1389). معمای حاکمیت قانون در ایران. چاپ دوم. تهران: طرح نو .
- کمال، سعدی.(1997). یاسا و ماف. هەولێر : چاپخانەی رۆشنبیری.

-گرجی، علی اکبر.(1396).مبانی حقوق عمومی. چاپ پنجم. تهران: انتشارات جنگل جاودانه.
-لو، لئون.( 2016).حاکمیت قانون چیست. مترجم: گرشاسبی، بردیا. تهران: نشر سارگل
-مالمیری، احمد مرکز. (1385). حاکمیت قانون. چاپ دوم، تهران:چاپ و صحافی شهروند
-مقار، توفيق. و حافظ، محمد عبد القادر. (1954). العدالة الاجتماعية وحقوق الفرد، مصر : دار المعار.
-متیو، برتراند. (1391). قانون، تهران: انتشارات میزان.
-معهد راؤول ويلنبيرغ الحقوق الإنسان والقانون الإنساني ومعهد لاهاي لتدويل القانون العام، (2012) ، سيادة القانون دليل للسياسيين.
- مكاي، ليان. (2015). نحو ثقافة سيادة القانون. معهد الولايات المتحدة للسلام، الطباعة في الولايات المتحدة الأمريكية.
- واعظي، أحمد.(2017). نظريات العدالة: دراسة و نقد. ترجمة: نجف، حيدر. المراجعة والتقويم فريق مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي. الناشر الإيراني: معهد الامام الخميني للتربية والبحوث.

-Allan, T. R. S. (2013). The Sovereignty of Law, Freedom, Constitution, and Common Law. United Kingdom: Oxford University press.
-Goldsworth, Jeffery. (2010). Parliamentary Sovereignty. Monash University, Published in the United States of America by Cambridge University Press, New York.
-Honohan, Iseult. (2002). Civic Republicanism. Routledge Taylor & Francis Group, London and New york.
-John, Rawls. (2019). A Theory of justice. The Belknap press of Harvard university press: Printed in the United States of America.
-Michael Lessnoff. (1986). Social Contract. Published by Macmililan Education LTD, London.
-Van gunsteren, herman r. (1998). A theory of citizenship. west view press, United States of girnerica.

## گۆڤار و سایتەکان

-ئاکرەیی، نەژدەت.(2020/7/30). پرەنسیپی سەروەریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندییان بە کێشەی توندوتیژی و ناسەقامگیریی سیاسی، وەرگیراوە لە سایتی گوڵان مێدیا https://gulanmedia.com/so/story/202 وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (2024/8/8).
-حیسامەددین، پێشەوا. (2020/12/14). *لە هەرێمی کوردستان سەروەریی یاسا لەژێر پرسیاردایە*، وەرگیراوە لە سایتی ئاژانسی ئەنادۆل، https://www.aa.com.tr/ks/ وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (2024/8/3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپیدان. (2024). دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، وەرگیراوە لە سایتی https://payinstitute.org/2024/01/2024-01-15085442.html وەرگیراوە لە ڕێکەوتی (2024/8/3) .
-دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ.(2005).وەرگیراوە لە سایتی فەرمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕێکەوتی (2024/8/20)، وەرگیراوە لە https://iq.parliament.iq/ku/
-دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان-عێراق. (2024). وەرگیراوە لە سایتی، https://www.despaky.krd/ku/2024/11/07/6634/41 وەرگیراوە لە (2024/7/11).
---------------------------------------------------------------------------------------------------

# The Sovereignty of Law Reality in the Kurdistan Region-Iraq in Light of John Rawls Theory of Justice

**Eskender Qerib Sulayman**
Department of Sociology, Faculty of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Eskender.suiayman@su.edu.krd

**Dr. Asrin Zrar Qadr**
Department of Sociology, Faculty of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: asrin.qader@su.edu.krd

## Abstract
This research, titled *"The Sovereignty of Law Reality in the Kurdistan Region of Iraq in Light of John Rawls ' Theory of Justice,"* examines the critical role of the sovereignty of law in fostering societal progress and its direct impact on development across various sectors. The sovereignty of law is instrumental in achieving equality, safeguarding rights, and ensuring justice. This analytical study is grounded in the theory of justice developed by John Rawls (1921–2002), one of the most prominent legal and political philosophers of the twentieth century. Rawls' theory emphasizes neutrality and consistency in the application of laws.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٢)، بەهار ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The primary objectives of the study are to analyze the state of the sovereignty of law in the Kurdistan Region through the lens of Rawls' theoretical framework, underscore the significance of legal compliance, and elucidate the fundamental principles of the sovereignty of law. The findings of the study indicate that the rule of law in the Kurdistan Region faces significant challenges, as its foundational principles are not sufficiently safeguarded. This observation is consistent with John Rawls's theory of justice, which underscores the principles of equality, freedom, and human rights as essential components for achieving justice. Moreover, the study revealed that certain legislative frameworks in the Kurdistan Region lack comprehensiveness and fail to fully ensure the protection of citizens' rights. As a result, these laws are frequently subject to amendments and are not implemented in a manner that guarantees fairness and equality across all segments of society.

***Keywords***: *Sovereignty of law, Justice, Equality, freedom, Human rights.*

# واقع سيادة القانون في إقليم كوردستان- العراق في ضوء نظرية العدالة لجون راولز

**ملخص:**
يهدف البحث المعنون (واقع سيادة القانون في إقليم كوردستان- العراق في ضوء نظرية العدالة لجون راولز) في الدور المحوري لسيادة القانون في تعزيز التقدم المجتمعي وتأثيرها المباشر على التنمية في مختلف القطاعات، مستندًا إلى نظرية العدالة التي طورها جون راولز (1921-2002). تعد سيادة القانون أداة أساسية لتحقيق المساواة، حماية الحقوق، وضمان العدالة، حيث تؤكد نظرية راولز على الحياد والاتساق في تطبيق القوانين.
هدف الدراسة إلى تحليل حالة سيادة القانون في إقليم كردستان العراق من خلال الإطار النظري لراولز، مع التركيز على أهمية الامتثال القانوني والمبادئ الأساسية للعدالة. كشفت النتائج أن سيادة القانون في إقليم كردستان تواجه تحديات كبيرة، حيث لا يتم ضمان المبادئ الأساسية لسيادة القانون بشكل كافٍ. وقد أكدت هذه النتائج ما جاء في نظرية العدالة لجون راولز، التي تركز على مبادئ المساواة والحرية وحقوق الإنسان كعناصر أساسية لتحقيق العدالة. ومن جهة أخرى، تبيّن أن بعض القوانين في إقليم كردستان تفتقر إلى الشمولية ولا تكفل جميع حقوق المواطنين بشكل متكامل. نتيجة لذلك، تخضع هذه القوانين للتعديلات بشكل متكرر، ولا يتم تطبيقها بصورة عادلة ومتساوية على جميع الأفراد.

**كلمات المفتاحية:** سيادة القانون، العدالة، المساواة، الحرية، حقوق الانسان.